هەوێنی کتێبێك

جەزا عەلی ئەمین
کردوویە بە کوردی

« ئاینده هەمووی هی ئەوه
تەنانەت گەر ئێمە ئایندەشمان
لە پێش نەبێ »
ـ هنری میلەر ـ

# رامبۆ: شیعرو سەرکێشی

**« سەرەتا »**

دەشێ هەندێ لەبەر خۆیانەوە بڵێن ئەم ژیانە پڕ لە سەیرو سەمەرەیەی رامبۆ چ کەلکێکی بۆ ئەدەبی ئێمە هەیە؟ بابایەکی وا بەرەڵاو حەرەڵاو تەنانەت بێ‌قیەم پشت‌بکاتە دایکی‌و رووەو دوورترین وڵاتی ئەفەریقا بڕوا هەر لەبەر ئەوەی دلی دەیخوازێ‌و بیێتە مایەی نەهامەتی بۆ خێزانی ( ڤێرلین)ی شاعیرو هاوەڵی ! کەسێکی ئاوا بۆ ئێمە چ کەلێنێك پردەکاتەوە یان لەسەریەشە بەولاوە چمان بۆ دەمێنێتەوە ؟ راستە ژیانی رامبۆ پڕ بووە لە سەرەرۆیی‌و بێ‌باکی ، تەنانەت هەر ئەو بێ‌ئارامی‌و تۆتکە نەگرتنەی بە گەنجی سەریان پێ‌نایەوە .. ئەو پووڵو زێڕەی لە قاچاغی‌و چەك فرۆشتن وەگیری کەوت شیعریان لەبەرچاو خست ، بەڵام تەمەنی راستەقینەی رامبۆ لە حەڤدەساڵی‌یەوە دەست‌پێ‌دەکاو لە بیستویەکدا دەکوژێتەوە .. ئەو چوار ساڵانە لەباتی خوێن شیعر بە دەمارەکانیا دەگەڕا .. رامبۆیان گەیاندە لوتکەی ئەدەبی ئەوروپا . . جۆرە شیعرێکی هونییەوە لەناو هاوەڵانی خۆیدا دەناسرێتەوەو رامبۆیان پێوە دیارە .. ئەو رستەو گوزارەو وێنە جوانانەی هێنانییە ناو شیعری فەرەنسی‌یەوە « دڵەدزراوەکان ، ئەمەوێ ببینم کە لە تەك لەشیا گەورە دەبێ ، هەموو دەمێ چاوەکانم لەبان ئەستێرەیەکی زیویدا وەئاگادێن ، لە خەمناکی شەوێکی ئاشقانەدا خنکاوم » وایان لە رامبۆ کرد ببێتە سەرداری شیعر.

بە چوار ساڵان ئەو نەفرەت لێ‌کراوە ئاگرێکی هەڵیساند دوای سەد ساڵیش هێشتا هەر گڕبەیەتی :

، ،

وێڕای ئەوەش خاڵێکی رووناك لەژیانی رامبۆدا هەیە یەکێ تۆسقاڵێ ویژدانی هەبێ دەبێ ببینێ ، ئەویش ئەوەیە تەمەنی نەگەیبووە هەژدە چووە کۆمۆنەی پاریسەوەو گەرمترین شیعری شۆرشگێڕی بۆ نووسی. هەر ئەویش بە پاشاو دەستو پێوەندو کەنیشتەدا هەڵدەشاخاو جنێوی پێ‌دەدان! بە نەنگی دەزانی خەڵاتەشیعریان لێ‌وەربگرێ.

، ،

ئافرەت وەك چۆن لای هەندێ بۆتە مایەی تەقینەوەی گڕکانی داهێنانو بەهرە ، بەهەمان تین‌و تاویشەوە هۆیەکی کاریگەرە بۆ پڕکردنەوەی بیری بێ بنی زەوق‌و سەلیقە .. لە ئەدەبیاتی هەندەران هەردوو لایەنەکە (کەم‌وزۆر) باس‌کراون، جا یان لە دەمی نووسەرانەوە بە هۆی شیعرەوە .. یان بەهۆی بیرەوەری کەسە نزیك‌و خۆشەویستانیانەوە .. ئەوەتا رامبۆ لە دەرگای دوو دڵی تەڕو ناسکی داوە .. بەڵام ئەو دوو خوا نەناسە نەك هەر وەرامێکی دڵخۆشکەریان نەدایەوە بەڵکە ئەوەشیان پێ رەوا نەبینێ تاوێ لەسەر پارچەکانی دڵی سەمابکەن .. ئای ئۆفیلیای دڵڕەق ، کچە چاو وەنەوشەییەکە ئێوەو دایکی ئەوینتان لێ ستاندو مەرگی ناوەختتان پێ‌بەخشی. ئێوە نەبوونایە ئاوا هەڵوەداو دڵ‌سارد دەژیا ؟ خوا عالم ئەو درەختە گوڵی وای دەگرت چەند پشتێکی دیکەش بۆن‌و بەرامەی دەمایەوە ! نموونەی رامبۆی دڵشکاو لای خۆشمان هەیە سەردەمێ بە هۆی گەردن زەردێکەوە تاڤگەی شیعریان تافە تافی بوو ، پاشان بە ڕوو وەرگێڕانێکی پەستی خۆشەویستی بوونە گۆرانییەکی بێ پیت‌و ئاواز !

**« جەزا »**

لە (٢٠)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٥٤دا رامبۆ هاتە دنیاوە ، لە حەوت ساڵی‌یەوە بووبە دەروێشی شیعر : لە قوتابخانەدا لە هاوەڵانی لەپێشتر بوو وای لێ‌هات ببێتە دەمڕاستیان یان لەکاتێ پێویستا لێیان بدات ! ئەوە لە کاتێکا دڵی بە قوتابخانە نەدەکرایەوەو گوێی لە مامۆستاکان نەدەگرت بگرە گاڵتەشی پێ‌دەکردن . بەڵام هەر لە سەرەتای قوتابخانەوە ئەوەی لێ‌دەرکەوت کە منداڵێکی ئاسایی نیە . جووڵان‌و هەڵس‌و کەوت‌و خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە لەگەڵ تەمەنی ئەودا ناجور بوون ، ئەو بۆچوونەیان دەسەلماند، بۆ نموونە ئەو هێشتان بۆنی شیری خاوی لە دەم دەهات کەچی کتێبی وای دەخوێندەوە کاسۆلیکییەتی ڕەت‌دەکردەوە :

کاتێ دایکی پێی زانی لەدەستی ستاندو تووڕی‌دا .. رامبۆش لە ئاقاریا نەیدەوێرا لە پێستی خۆی بجووڵێتەوە .. رەنگە ئەو لایەنە هاندەرێك بووبێ بۆی تا لە قوتابخانەشدا ئاوا شوولی لێ هەڵکێشێ‌و گوێ بەکەس نەدا.

« کۆتایی نەهاتن ، چاکە ، تەنیایی ، رووناکی ، بەرەبەیان ، رۆژ ، ئەوین ، جوانی ، پەنامەکی ، بەزەیی ، شەیتان ، دۆزەخ ، بەهەشت ، خەم » مەڵاشووی شیعری بەم وشانە هەڵدرایەوە ، هەر بەم وشانە جۆرە شیعرێکی هۆنییەوە کە مرۆ لە خوێندنەوەیان وەڕس نابێ .. جا ئەگەر نووسەرێ هەبێ چەند دێڕێکی شاکاری هەبێ‌و خەڵکی لێی وەرز نەبێ‌و لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکدا پۆشاکی تازەیی‌و جوانی بپۆشێ ئەوا رامبۆ لەو جۆرانەی گەلێ زۆرە .. هنری میلەر دەڵێ : من لەو بارەیەوە بەغیلیم پێی دێ .



" له دوازده ساڵیدا دیلکرام . جیهانم ناسی تەواوی گاڵتەجاڕی مرۆڤایەتی تێگەیشتم ".

له یازده ساڵیدا شیعرێکی جوانی بۆ جەزائیر نووسی «لەوانەیه یادەکان هی بابی بووبن ئەم دایڕشتوونەوە ».

ساڵی ١٨٧٠ چووه پەیمانگەی شارلفیل بەهۆی «ئیزامبارد» وه ژیانەکەی گۆڕا .. ئەم مامۆستایە ڕۆڵێکی دیاری لە پێگەیاندنی بیری رامبۆدا گێڕا . کتێبخانەکەی لەبەر دەستی رامبۆدا دانا . ئەویش بە مەرامی دڵ کتێبی دەخوێندەوە . تا هەمووی تەواو کرد ! بەڵام دایکی رامبۆ خۆشی ئەو کاردی نەدەهات . تەنانەت جارێ چوو بۆ لای بەڕێوەبەری پەیمانگەو گازندەی له ئیزامبارد کرد . بەوەی گوایە کوڕەکەی خستۆته سەر فاڵو فیکی خوێندنەوە !

* *

ئێوارەیە ڕووەو ماڵ دەگەڕایەوە . کارمەندێکی مەستی دی لەبەر خۆیەوە دەیوت : " سەرخۆشی . سەرخۆشی . رامبۆ بیرێکی پێشکەوتوانەی سۆشیالیستی هاتە مێشکییەوە .. کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵێ هۆنراوەیەکی بە ناوی ئاسنکەردوە نووسی .

کۆمەڵە کارمەندێ لەشەقامەکەوە دەرکەوتن
ئەو ئازار دراوانە رۆژ بەرۆژ ئەزیادێن
دەچنە بەر دەرکی دەوڵەمەندان .
منیش پەلەدەکەم
تا (بەد)و زاڵمەکان پان کەینەوە .

* *

لێرەوە رامبۆ بۆ شیعر ژیا .. دەیخواست بۆنێکی نوێ بخاتە باخی شیعرەوە ئەویش بەرامەی شەقامە.

له تەك ئیزامباردا مووێان بە نێوانیاندا نەدەچوو. گەر رامبۆ بە تەنێ بایە خۆی بە سەیرانە شیعرەوە دەخلافاند . چەندێ سەعات بەدیار ڕووبارەوە دەوەستاو بەوردی زەینی لێدەدا . چۆن چۆنی لە خۆرهەڵاتەوە هەلدەرژاو چۆنیش دەڕۆیی . ئەوساش رامبۆ لە خوێنیا هەستی بە دەنگێکی جادویی دەکرد .

دوا بەدوای شیعری ئاسنگەر . شیعری ئۆفێلیای نووسی

ئای . ئۆفێلیای ڕەنگزەرد !
ئەی کچە سەنگەکەی بەفرین
تۆ کچۆڵەیەکی
شەپۆلی ڕووبارەکە هەڵی گرتووی

له شازده ساڵیدا سەرەتای شاعیرێکی هەڵکەوتووی لێ دەرکەوت . ئاڵوگۆڕێکی تەواویشی بەسەردا هات . بە یەکجاری وازی لە قوتابخانە هێنا . کەس کەسی نەدەدواند ! لە پێشبڕکێی شیعری لاتینیدا بە شیعری "ئامۆژگاری سانشۆ بانزا بۆ کەرەکەی " هاوبەشی کردو له ئاکاما خەڵاتی یەکەمی بۆ دانرا . لەو کاتەدا جەماوەرێکی زۆر ئامادەی ئەو دیاری دابەشکردنە بوون .. ویستیان خەڵاتی کەن بەڵام رامبۆ وتی :

" ئەو شتانە هیچو پووچنو نرخیان نیە !"

بەڵام لە ڕاستیدا لەبەر ئەوە نەبوو گوایە خەڵاتەکەی پێ کەمەو دیارییەکەی لا بچووکە .. بەڵکو ئەوسا شۆڕش له دەمارەکانیدا دەگەڕا .. شۆڕش دژی ئیمپراتۆرو دەوڵەمەندەکان . بۆیەکا رامبۆ یەکەمی دەزانی خەڵاتی دەستی پارێزگار وەربگرێ چونکه گزیری پاشایە !

* *

رامبۆ (شارلفیل)ی بەجێ هێشتو ڕووەو ڕۆژهەڵات کەوتەڕێ .. لەئیستگەیەك ڕاوەستاو گرتیان لەوێشەوە دایکی لە حەیبەتان نەیدەزانی بەردی کوێ بەبابکا ! ناچارما نامەیەکی بۆ ئیزامبار نارد هەواڵی کەریێتی کوڕەکەی لێ دەپرسی :

لە ٧ی ئەیلولی ١٨٧٠ داگەڕایەوە لای دایکی ئەوە . یەکەم گەشتی سەرەڕۆیی رامبۆ بوو .. ئیدی سەری تێکرد. بەڕادەیەك بۆ خۆیشی نەیدەزانی چ دەکا . لە ٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٧٠ ماڵی بەجێ هێشتەوە.

له زستانا
لەسەر نوێنە شینەکانا
بە شەمەندەفەرێکی گوڵینی بچووك
دەڕۆین
گوزەرانمان.. خۆش دەبێ
له هەموو جێیەکی شێداردا
ماچە شێتەکان
خۆیان بۆ شاردووینەوە
چاوانت دەنووستێنی
تا لە شووشەکەوە
نیتی ئاهەنگەکان نەبینی
پاشان هەست دەکەی
شتێ
ئەو هەنییە نەرمو ناسکەت
دەڕووشێنێ
ماچێکی چووك
جالجالۆکەیەکی شێت
بە پەلە بەسەر گەردنتا دێ
تێدەپەڕێ

* *

رامبۆ گەیشتە شارلوت ویستی لە ڕۆژنامەیەکدا

دامەزرێو ببێتە نووسەر . بەڵام تەمەنی کەم . سەردرۆیی. جنێودانی بە ئیمپراتۆر بوونە مایەی دانەمەزراندنی !

ئەو ئێوارەیە لەبەر بێ پارەیی بە بۆکڕووزی گۆشتو ھاڵاوی چێشتی ماڵان ژیا !

بێ پارەیی و رووتی رامبۆیان ناردەوە بۆ لای ئیزامبارد ... ئەویش وەك جاران رووی نەدەدایە . بەڵام دەستیشی نەنا بەرەوییەوە چونکە گەورەیی تیا دەبینی .. نامەیەکی بۆ دایکی رامبۆ نووسی تا رامبۆ (داکاتەوە!) ئەویش وای وەرام دایەوە :

« بەمەرجێ بیدەمە دەست پۆلیس ! »
پاشان لەگەڵ دایکیدا رێك کەوتنەوە.
رامبۆ لە نامەیەکا بە ئیزامبارد دەڵێ .
« نازانم چۆن چۆنی باسی مەنەتباری خۆمت بۆ بکەم»

* *

لە ٢٥ی شوباتی ١٨٧١ بۆ جاری چوارەم شارلڤیل-ی جێ ھێشت .. بەشی بلیتی شەمەندەفەری پارە پێ نەبوو بە ناچاری سەعاتەکەی دەستی فرۆشت . لەرێی پاریس تووشی کچێ ھات . ھەردووکیان بەماندوویی و برسێتییەوە گەیشتنە وێ . ئەوەندەیان پارە ـك نەدەبرد پێکەوە بچنە وتێلێك ! لەبان لانەختێکی پانی سەر شۆستەیەك لێی نوستن !! بەیانی . کچە بەدەم ھەنسکەوە داوای پارەی بلیتی لەرامبۆ کرد تا پێی بگاتە باکوور . دوای جیابوونەوەی کچەکە رامبۆ بەکوڵ بۆی گریا . شیعری پیتە دەنگییەکانی بۆنووسی .. ئەم ناسینو خۆشەویستییە لە ناکاوە رامبۆی بەشێوەیە تاساند تەنانەت لە سەرەمەرگدا ناوی ھێناوە .

بەڵام ئیزابیل-ی خوشکی بەو کەینو بەینەی نەدەزانی بۆیە لای خۆیەوە بەورێنەی لێکدایەوە !

ئەو چارە رەشییەی بۆ ئافرەت دەنگدانەوەی ئەو رووداوەیە .. لە ناوەوە کڵو کۆی دامرد .. تا ئەوەتا لە شیعری ( بیابانەکانی خۆشەویستی ) دا دەڵێ :

« نایەتەوە
ببڕای ببڕای
ئەو فریشتەیەی ھاتە لام
نایەتەوە ! »

* *

لە ١٠ی ئازاری ١٨٧١ گەڕایەوە بۆ شارەکەی و کاتێ لە دەرکەیدا دایکی ھات بەپیریەوەو پێی وت ، کاتی ئەوە ھاتووە رێكو پێك بی . با بەس بێ !

ئەم گەنجە سەرشێتە ھێشتان بیست ساڵان بوو بە دەم برسێتی و لاتییەوە زوربەی شارەکانی لەندەن و پاریس و میلانۆ گەڕا .. ھەر بە ھەژاریس بە جێی دەھێشتن . تەنانەت جارێ دز دێتە سەر رێی و جلەکانی لێ دەسێنن ! ئەویش تۆڵەی دزەکان لە پۆلیس دەکاتەوەو شەڕیان پێ دەفرۆشێ . لە پاشان دەیگرن و ئەو دیو سنووری ئەمسا بەردڵای دەکەن !

* *

بانگەوازێ لەناخرا پێی وت : ( بڕۆ بگەڕێ . ئاوەتی سروشت وەکی نامێزی ئافرەتانە ! ) بەڵام نەیدەزانی بۆ کام بەڵە زەوییە بڕوا ئەو دڵە ھەردی لەھیچ جێیان تۆتکەی نەدەگرت . دەیویست چۆگەی رەنگو بۆنو شیعر بدۆزێتەوە . ( لەشەوانی زستانە سەردەکانا بێ نانو ئاو وەدەرکەوتم دەنگێ دەروونم دەیناخنی ھێز ان ملکەچی ! تۆ ھێزی ئەدی بۆچ بۆ ھەموو سوێنێ بۆنەوکی ئێستە جێیە ناچی ! )

بەڵام دایکی ئەوەی بۆ نەدەخواست . دەیویست دامەزرێو ئەوەندە قوڵە سەفەران نەکاو ببێتە بابایەکی دینـدار .. بەنوێژەوە خەریك بێ . ئیزامباردیش پێی دەوت بگەڕێوە بۆ قوتابخانە .

ئەویش بەرمانی جن دارك پیایاندا ھەڵدەشاخا :
« ئەی قەشەکان . مامۆستایان ئێوە بەوەی دەمدەنە دەست دادگاوە خۆتان دەحەڵەتێن .. من لەم گەلە بێ بەریم .. دنان نیم . من لە رەگەزێکم لەناو ئازاری دەگری ! » .

* *

کۆمۆنەی پاریس بووبە مایەی جوێن کوڵانی رامبۆ .. چوو لەرێزی شۆرشگێراندا خۆی ناونووس کا .

لە ١٦ی ئایاری ١٨٧١دا گەلێ کرێکار شەھید بوون . ئەو رۆژانە ناونرا « ھەفتەی خوێناوی » رامبۆ بەو یادە نالەوە ( دڵە دزراوەکە )ی نووسی . پاشانیش شیعرێکی گەرمو گوڕتری دژی دامو دەزگا بڵاوکردەوە ناوی نا « شێتی پاریس »

رامبۆ گەیشتەوە شارلڤیل .. ئێوارەیەك لە پەنجەرەکەی بەرامبەریانەوە ئافرەتێکی گەنم رەنگ سەرنجی راکێشا پێی وابوو بەھۆی ئەو ئافرەتەوە بۆشاییەکانی ژیانی پڕ دەبنەوە .. ژووانیان بەست ! کاتێ رامبۆ بەو جلو جۆرە چڵکنو بلکنەوە دڕاوانەوە . چاوە چاوی دەزگیرانی نازدی دەکرد تا بێو لێك تێبگەن . کچە بە ھەزار ناز و لووت بەرزییەوە روانییە سەرو سەکوتی رامبۆو لە برینی جانو خۆسیو دانیشتن لووتی لێ باداو لەتەك کەنیزەکەیدا بۆی دەرچوون ! ئەو شەوە خەمناکی وەکی باران بەسەریا دەباری .. ھەر ئەو شەوە شیعرێکی تەڕو بڕی بەناوی « دەزگیرانە بچکۆلەکانم » نووسی .

« دەزگیرانە بچووکەکانم
ئای چەند .. ان دەبوغزێنم
مەمکە پیسە .. ان

به دەمامکی خەمباری داپۆشن
مەیدانە کۆنەکانی سۆزم
به سەمای پێتان بکوتن »

ئەم هەڵوێستەی کچە گەنم رەنگەکە لەناخەوە هەڵی پڕووکاند وای لێ هات بەرامبەری هەموو شتێ تۆوی رقو توورەیی‌و بێز لێبوونەوە لە دەروونیا شین بێ . ئەو سەردەمە بە جلی شڕو قژی بژو درێژەوە شەقامەکانی دەتەقاندەوە .. هەمیشە کتێبێك‌و پایپێکی بۆشی پێ‌بوو . لەگازینۆیان دادەنیشت دەولەمەندەکانی شاری بە جنێوان دەشت . مندالانیش دوای دەکەوتن وجاروباریش بەردیان تێ دەگرت ئەوان بە گێلەپیاوو شێتیان دەدایە قەلەم. ئەویش لەسەر دیواری کەنیشتە جنێوی پێی دەنووسی!

لە ناوەڕاستی ١٨٧١دا تیۆرێکی بۆ شیعر دانا ، ئەوەش لە مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسی قۆناغێکی نوێ‌بوو ، فەلسەفەیەکی داهێنا ناوی‌نا «فەلسەفەی بینایی » دەیوت شاعیر بەهەموو هەستەکانی دەبینێ ، ناوەرۆکی شتەکانی لێ دیارە..

* لامارتین جاروبار بینایی هەیە بەلام دارشتنی کۆن خنکاندوویەتی .

* هۆگۆ لەکتێبەکانی دوایدا برێ بینایی هەیە ، (خەمناکەکان)ی شیعرێکی درێژە .

* لە ناو بارناسییەکاندا دوو بینایی تێدابوو (برمیرا)و ڤرلین‌ی شاعیری راستەقینە .

* بۆدلێر یەکەم بینایی‌و ..شای شاعیران بوو .

* منیش هەوڵ دەدەم بینایی بم.

* *

لە حەڤدەسالیدا دوو شیعری نووسین « ئەوەی دەربارەی گوڵان بە شاعیر دەوترێ»و «کەشتییە مەستەکە» بە هۆی کەشتییە سەرخۆشەکەوە رامبۆ ناوی کەوتە ناو ناوانەوە ، کتو مت دەربارەی خۆی بوو .. ناوەرۆکەکەی ئاوایە : کەشتییەك لەگەشتێکی ئەفسووناویدایە بێ ئەوەی سەرنشینی لەسەر بێ ! بە ناو رووباراندا تێ‌دەپەڕێ وەك لە نەشئەی خەودابێ دەیەوێ رووەو دەریا بڕوا.

دەربارەی ئەو شیعرە جان ماری‌کاریە وتوویەتی:

هەمووشتێ دەبینێ ، هەموو شتێ هەست دەکا . هەموو شتێ لەناو دەبا ! هەمووشتێ دەزانێ ، هەموو شتێ دەڵێ ... ..» ئەم شیعرە بەزمانێکی ئاوازداری نوێ‌وە وتراوە ، پڕیەتی لە گەرمو گوڕی .. ئەوە دۆخی « بینایە » گەشەدەکا وەك چۆن هەستەکان گەشە دەکەن . لە تەك سروشا روونکتر دەبێتەوە . دیارە لە چوار چێوەیەکی رەمزیدا داڕشتووە.

* *

رامبۆ نامەیە بۆ ڤیرلین‌ی هاوەڵی دەنووسێ .. باسی بێزاری خۆی بۆ دەکا بەرامبەری شیعر . دوای پازدە رۆژ ڤیرلین بەو رستە بەناوبانگە وەرامی دەداتەوەو ئاسۆیەکی نوێ لە بەردەمی رامبۆدا دەکاتەوە.

« وەرە ، ئەی دەروونە خۆشەویستو گەورەکە ، ئێمە چاوەڕێتین ، دمانئەوێی».

رامبۆ گەیشتە پاریس ، ئەوانەی چاوەڕێی بوون بە نۆرە دەستیان گوشی .. هێشتا لە نزیکەوە ڤیرلین‌ی نەدەناسی .. ڤیرلین وای دەزانی رامبۆ پیاوێکی رێك‌و پێك‌و تەواوەو شایانی ئەو شیعرانەیە کە دایناون . هەمیشەش دەیوتەوە : لەو شیعرانەیدا جوانییەکی ترسناك هەیە » .

رامبۆش هەر وای نوقلانە لێدا کە ڤیرلین روویەکی جوانی هەیەو شایستەی ئەو ناسکی‌وشیرینییەی‌شیعرەکانێتی.

ماتێلدای خێزانی ڤیرلین بە سەرسامییەوە پێشوازی رامبۆی کرد . چوونە مالی ڤیرلین .. رامبۆ لەسەر سفرەی نان‌خواردنێ نەدەدواو بە پەلە دەلەوەڕا!

تانوتی لە ڤیرلین دەدا کە بۆچ لە خانوویەکی وا رازاوەو پەرداخو دەولەمەندانەدا دەژی .. بۆنی پیستێتی بۆرژوای لێ دێ ، جێی ڤیرلین شوێنێکی دیکەیە !

ئەم وشانە کاریان لە ڤیرلین کرد .. تەنانەت تا ئەو دەمەی رامبۆی لە نزیکەوە نەناسی شاعیرێکی بڕناسی بوو. دوای نزیك بوونەوەی لە رامبۆ رووی کردە شیعری رەمزی.

دوای شەش مانگ رامبۆ پاریسی لێ بوو بە دۆزەخ .. بۆیەکا گەڕایەوە بۆ کن دایکی . ڤیرلین بێ رامبۆ نەدەژیا .. بەلام ماتێلدە رامبۆی دەبوغزاند .. بەو هۆیەوە لەگەڵ ڤیرلین‌دا دانوویان پێکەوە نەدەکولا . کار گەیشتە جێیە ڤیرلین لەبەر خاتری رامبۆ ویستی ماتیلدە بکوژێ یان بیسووتێنێ ! ئەوە جگە لەو هەموو لێدانەی لەسەر رامبۆ لێی‌دا !

رامبۆ ڤیرلین‌ی بەیادا هاتەوە ، کتێبی ـ اشراقات ـ ی نووسی دەیخواست پیشانی‌بدا ، داخۆ پێی چۆنە ؟ هاتەوە بۆ پاریس ، نێوانی (ڤیرلین)و ماتێلدە هەروا ساردتر دەبوو.

لە٧ی تەمووزدا رامبۆ وتی : حەز دەکەم بچمە بەلچیکا، هەر بۆ ئەوەش هاتم تا پێت بلێم .

ڤیرلین بێ سێ‌و دوو دوای کەوت‌و ماتێلدەو (جۆرج)ی تاقە مندالی بەجێ هێشت . ڤیرلین بە ئەندازەیە پابەندی رامبۆ ببوو نەیدەتوانی لە قسەی دەرچێ‌و پێی دەوت : تۆ ژیانم دەژێنیتەوە . پاش بەینێ ماتێلدە دوایان کەوت دۆزینیەوە ویستی بە هەر فێڵ‌و جادوو خۆ نواندنو تەنانەت خۆ ڕانانیش بێ بیهێنێتەوە .. لە ئەنجامدا ڤیرلین لە تەکیا

گەڕایەوە بەڵام لە سنووری گومرگی فەرەنسی دابەزیو چووەوە بۆلای رامبۆ .

بەیەکەوە لەندەن گەڕان ، هەردوولا خەریکی شیعر بوون رامبۆ « اشراقات »ە کەیو (ڤیرلین)یش لە سروودە بێ قسەکان بۆوە . لە ناکاو رامبۆ گەرایەوە بۆ شارلفیل ، ڤیرلین ـی بۆ قەرزاریو نەگبەتی بەجێ‌هێشت . ڤیرلین ئەو لێك‌دابڕانە لەو پایزە دلتەنگەدا ئاوا باس دەکا.

وەك چۆن باران بەسەر شارا دادەکا
فرمێسکیش ئاوا لەدلما دەبارێ
ئەو لەڕو لاوازییە
چی‌یە
دلمی تەنیوە ؟

* *

ڤیرلین نامەیە بۆ دایکی دەنێرێو بۆی دەنووسێ «رامبۆ لێرە نەماوە .. ئای چ بۆشاییەکی ترسێنەر دایگرتووم . » بە ناچاری دایکی دەڕوا بۆ لای رامبۆو پارەی دەداتێ تابچێتەوە بۆلای ڤیرلینو لە تەنیایی بکاتەوە!

جارێکی دیکە لێك نزیك بوونەوە .. ڤیرلین رووەو بەدمەستیو بەرەلایی ملی‌نا . تاوای لێ‌هات رووی دەمانچەکەی بکاتە رامبۆو برینداری‌کا . دەست بەجێ پەلاماری رامبۆی داو دەمانچەکەی وێداو وتی : بەکوژە!

رامبۆ بە هێمنێ وەرامی دایەوە :

ـ لەئێستا بەولاوە هاتوهاوار بەسە .. ئەوە کەریەتییە .. تۆ نازانی گوللە بهاوێی.

لە رێی خەستەخانە ڤیرلین ـی بەپۆلیس بەگرت‌دا !

دوای ئەوە رامبۆ چووەوە بۆ لای دایکیو ( وەرزێ لە دۆزەخ )ی لە چاپ‌دا ، یەکەم ژمارەی چاپ‌کراوی بۆ نارد!

رامبۆ چوو بۆ لەندەن ، فێری زمانی ئینگلیزی بوو . لە پاشدا گەیشتە ئەلمانیا .. سالی ١٨٧٥ نامەیەکی پێ‌گەیی تیایا نوسرابوو ڤیرلین دەیەوێ ناونیشانی بزانێ ؛ ئایا ئاگاداری دەکا یان نا ؟ دوایی ڤیرلین هاتو لەشتوتکارد (لەئەلمانیا) دۆزییەوە . بەڵام وەك چۆن بێ یەکدی نەدەژیان، پێکیشەوە هەلیان نەدەکرد !

شەوێ لەبەر مانگەشەو دەگەڕان .. لێیان بووبە کێشەو دەمەقالێ ، رامبۆ بەعەرزیدادا! دەڵێن ڤیرلین تا بەیانی بەبێ هۆشی ماوەتەوە.

ڤیرلین بەجێی هێشت ، بەڵام رامبۆی لە دڵ دەرنەدەچوو .. رامبۆش رووەو پاریس رۆیی . گەیشتە ئیتالیا ، چوو بۆ میلانۆ .. سالی ١٨٧٨ لە قوبرس خۆی گرتەوە لەوێ بووبە چاودێری کرێکاران . لێرەوە رامبۆی شیعر مرد ، بووبە رامبۆی کارو پارە پەیداکردنێ . دیلاهای تاکە هاورێی رامبۆ بوو جارێ سەری لێداو باسی شیعری لێ‌پرسی .. ئەویش وتی :

« ئێستا گرنگی بەوانە نادەم !»

ئەو دەستەی رۆژێ لە رۆژان لافی ئەوەی پێ لێ‌دەدا کە نەخشەی زمانێکی نوێی بۆ شاعیرەکانی جیهان پێ دەکێشێ ئێستا وای لێ‌هاتووە گولەشیعرێکی پێ ناچنرێ.

* *

لە ٧ی ئابی ١٨٨٠دا گەیشتە (عەدەن) (باردی) خاوەنی کۆمپانیایەك بوو لقێکی کۆمپانیاکەی کەتبووە حەبەشەوە . کاتێ رامبۆی دی تێیڕادی کە دەتوانێ کاروباری کۆمپانیای بۆ هەلسوڕێنێ .. پارەیەکی زۆری خستە بەردەم رامبۆو رامبۆ بیست رۆژی پێ‌چوو تا بە دەم هەچە هەچی ولاخەوە گەیشتە حەبەشە ! کەوتە پارە پاشەکەوت کردنێ تاکو ( ٢٥٠٠ ) فرەنکی بۆ دایکی نارد بۆی هەڵبگرێ . دایکی نامەی بۆ نارد ، بۆی نووسی با زەویت بۆ بکڕم .. ئەویش وەرامی دایەوە.

**« زەوی چی لێ‌بکەم !»**

کاتێ شەڕو هەرا لە نێوان سودانو حەبەشە هەلایسا.. رامبۆ دەڵێ : « گۆشەگیری لەم سەرزەوییەدا شتێکی دلڕەقانەو پیسە من بەداخەوەم چونکێ ژنم نەهێنا .. خێزانێکم پێکەوە نەنا . ئێستاش کار لەکار ترازا ، دەبێ هەر بەسەرگەردانی بمێنمەوە » .

* *

لەتەك کچە حەبەشییەکدا ماوەیەك پێکەوە مانەوە . ئافرەتێکی قەلەم رێكو ناسك بوو ، هەر ئێواران وەدەردەکەوت ئەویش لە گەڵ رامبۆدا . پاش ماوەیەك ئەویشی بیر چۆوە کەوتەوە راوی خەمناکیو تەنیاییو جگەرەو خواردنەوە.

ئەوجا بووبە بازرگانی چەك ! سالی ١٨٨٥ دایکی بۆی نووسی تا بێتەوە بۆ فەرەنسا . ئەویش ئاوا وەرامی دایکی دایەوە :

« ناتوانم شتێکی وا بکەم دیار بێ !»

بەڵام لەراستیدا پێچەوانەبوو .. ئەو دەمی دەنگو باسی کۆڕە ئەدەبییەکانی پاریس بەرامبۆوە خەریك بوون . ڤیرلین کتێبێکی بە ناوی شاعیرە نەفرەت لێکراوەکانەوە بلاوکردەوە . باسی شیعری رامبۆ تیا نووسیبوو ، بە دامەزرێنەری شیعری رەمزی دابوە قەلەم . رامبۆ ئەوسا لە هەموو شتێ نزیك بوو لە شیعرەوە نەبێ !

رامبۆ هەر تەنها لەسالی ١٨٧٠ وەتا ١٨٧٤ دڵو مێشكو بیری بۆ شیعر لێی‌دا ئەم کتێبانەشی تیا بلاوکردنەوە.

* ١٨٧٠ شیعرەکانی قوتابی .
* ١٨٧١ شاعیر لە حەڤدەسالیدا .
* ١٨٧١ بیابانەکانی ئەوین.

* ١٨٧٢ ـ ١٨٧٣ ( اشراقات ) پەخشانە شیعر .
* ١٨٧٣ وەرزێکی دۆزەخ : پەخشانە شیعر .
* ١٨٧٣ ماڵئاوایی.

جگە لەو شیعرانەی «دلدارەکانی پاریس ، مردنی پاریس ، بێدارەکان » کە ون بوون . ئەو جەنجاڵیو سەرقالییەی رامبۆ لە دنیای شیعری ئەوروپادا بەرپای کرد تەنیا چوار ساڵی خایاند .. چوار ساڵی بەپیت بەرەنگو بۆ ! ئەوەتا لە گەرمەی ناوبانگی رامبۆدا لەو کاتەدا خۆی لە فەرەنسا نەبوو هاوەڵێکی بۆی دەنووسێ :

« تۆ لە هەندێ ناوەندی پاریسا مرۆڤێکی ئەفسانەیی.. نووسینەکات لە رۆژنامەی گەڕەکی لاتیندا بڵاو بوونەوە ... تەواوی پەخشانو شیعرەکان لە دیوانێکدا کۆکراونەوە .. هەندێ لە لاوە خوێن گەرمەکان مەرامیانە مەزهەبێکی ئەدەبی لەسەر شێوەی شیعری (رەنگی پیتەکان)ت دروست کەن . تۆ نازانی چۆنی ».

لە حەبەشە پارەی بەسەردا دەباری بەتایبەتی تەلارێکی هەبوو بۆ ژنان « ژنی گەلێ وڵاتی تێدابوو » ناوی‌نابوو حەرەم سەرا ! وەك میرەکانی ـ الف لیلة ـ دەژیا . چل هەزار فرەنکی زێری کۆ کردەوە .

ساڵی ١٨٩٠ تەمەنی گەیشتە ٣٦ ، لە نامەیەکدا بەدایکی دەڵێ : «دەتوانم لەبەهاری ئایندەدا ژن بێنم .. تۆ پێت وایە هاوسەرێکی وام وەگیر دەکەوێ بەوە قایل بێ گەشتیارم بێ ؟ لەشم بە تەواوی تێك چووە .. ترس‌و سام دێ ، چەند رۆژێکی خشت لەجێگادا دەمێنمەوە .. کاتێ وەئاگا دێم خەوە خەمناکەکان دووبارە دەکەمەوە . »

ساڵی ١٨٩١ لە ئەژنۆیدا ئازارێ سەری هەڵدا ، ئێشەکەی رۆژ بەرۆژ پتر دەبوو ، تا وای لێهات لەپێی خست .. بەو تەرحەش وازی لە گەشت‌و گوزار نەدێنا دەتوت ماخۆلانێتی .

لە کۆتایی مارتدا بڕیاریدا بڕوا بەڵام بەو شێوەیە بۆ کوێ‌و چۆن؟ ساتێك زێری پێبوو ! هەر چۆنێ بێ لە سەر پشتی وڵاخ جێیان بۆ چاکرد . لەم رۆشتنەیدا شازدە کۆیلەی لەگەڵ بوو ، تا خانووەکەی لەبەر چاوان ون‌بوو هەرگریا . لەرێیە گەردەلوول‌و زریان حەشرێکیان پێکرد ناگێردرێتەوە .. سی سەعاتی یەك بینە بێ خۆراك مایەوە.. باران کەتنی پێکردن ! بەهەر کەشمە کەشمێ بوو گەیشتە مەرسیلیاو بردیانە لای دکتۆر ، دکتۆرەکان تەمایان لێنا دەیانزانی خۆرکە ـ سەرەتان ـ ی ئێسقانی هەیە دەبێ قاچی ببڕنەوە . دایکی هاتە لای وتی :

ـ خوایە بۆچی ئاوا ؟ دەمویست ببینمەوە بەڵام وا ؟ پلەی فرەی پێیە بەڵام زۆری لەسەر کەوتووە .

دایکی دڵی دەدایەوەو ورەی دەخستە بەر بەڵام رامبۆ دەیوت : « لەگریانی شەوو رۆژ بەولاوە هیچی دیم بۆ نەماوەتەوە . من پیاوێکی مردووم ژیانم بۆ هەتا هەتایە رووخا، ژیانمان لە کۆتاییدا جگە لە سەرگەردانیو بەدبەختییەکی هەمیشەیی هیچی کە نیە » قاچێکیان بڕیەوە ـ لەمەش دژوارتر دەبوو ساڵێك زیندانی بکێشێ چونکە لە کاتێ سەرو حەدی سەربازی بوو ئەم وڵاتەکەی بەجێ هێشت . لە تەمووزی هەمان ساڵدا دەیتوانی بە هۆی قاچە دارینەکەیەوە بڕوا .

« چ خەمێکە ، چ ماندوو بوونێکە ، چ خەمبارییەکە دەروونی داگرتووم ؟ کاتێ بیر لە گەشتەکانم دەکەمەوە کە چەند بەهێز بووم ، خۆ هەمووی پێنج مانگ نابێ تێپەڕیون. سەیرانی ناو کێوان چییان لێهات ؟ بیابانەکان ، رووبارەکان، دەریاکان بۆ کوێ چوون ؟ ئەم هاوینە بۆیە هاتمەوە فەرەنسا تا ژن بێنم‌و ئیدی نەبزوم .. ماڵ ئاوا ئەی ژیانی خێزانی.. ماڵ ئاوا ئەی خێزان .. ئەی ئاییندە ژیانی من تەواو بوو».

لە ٢٣ی ئابی ١٨٩١دا هەمیسان مەراقی گەڕان هاتە کەللەیەوە . بە دایکی وت دەڕۆم ، گەرچی زۆری لە گەڵ خەریك بوون تا پەشیمانی کەنەوە بەڵام نەیبیست ، (ئیزابیل)ی خوشکی دوای کەوت ، نەیتوانی دڵی نەرمکا بۆیە لە تەکیا رۆیی . سواری شەمەندەفەری پاریس بوون، لە پاریس زۆر نەمایەوە بەرەو مارسیلیا چوو . دوای ئەوەی سێ سەعاتیان لە شەمەندەفەردا بە سەر برد .. رێی بەندەری گرتەبەر تا لەوێرا بڕوا ، ئیزابیل هێشتا هەر لە گەلیەتی . سەربەشە زەیفی لێستاند ، چووە خەستەخانە، لە چوار دیواری ژوورێکدا سەری نایەوە . دەگریاو لە بەرخۆیەوە دەیوت :

« هەموو شتێ کۆتایی هات »

لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٨٩١ سەرەتان بەناو ئێسقانەکانیا دەگەڕاو تۆوی مردنی دەچاند!

مانگێکی رەبەق لەسەر نوێنی مردنێ مایەوە ، (ئیزابیل)ی خوشکی ئەو ماوەیە هەر لەژوور سەری بوو بە بست بەجێی نەدەهێشت.

لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٨٩١ رامبۆ تەمەنی گەیشتە سی‌وحەوت . لە ١٠ی تشریندا دڵە شێت‌و هارو دزراوەکەی رامبۆ لە کفنەوە پیچراو لە شارلفیل سەری نایەوە.

**لە کتێبی**

*** رامبو .. قصة شاعر متشرد بقلم صدقي جميل منشورات الرواد عام ١٩٥٢ وەرگیراوە .**

**هەروەها سوود لە کتێبی (رامبو وزمن القتلة)ـ وەرگیراوە .**